# چالاکی شەهیدی سەرکردە "ڤیان جاف"

## لووتکەی گیانبازی و بەرپەچدانەوەیەکی کرداری و ئایدیۆلۆژیانەی دووژمنانە

تێکۆشانی بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کوردستان بەڕێبەرایەتی "سەرۆك ئاپۆ" هەرلەیەکەم ڕۆژی چەخماخەی شۆڕشگێڕانەی خۆیدا بەگەوهەری بەرخۆدانڤانی و قارەمانێتی و گیانبازی پەرەی بەڕەوتی ئازادیخوازانەی خۆی داوەو لەبەرامبەر زوڵم و ستەمی داگیرکاران و هێڵی خیانەت و تەسلیمکاری و پاکتاوکاراندا هەڵوێستی هەرە مێژوویی و بەهاداری بۆ مێژووی گەلی کوردستان و تەواوی مرۆڤایەتی تۆمارکردووەو نموونەیەکی بێوێنەی بەرخۆدان و قارەمانێتی و گیانبازی ئافراندووە. چالاکی گیانبازانەی هەڤاڵی سەرکردە "ڤیان جاف"یش کە لەشەوی( 1⁄2ــ2ــ2006 ) لەناوچەی "هەفتانین" بەئەنجامی گەیاند لەڕۆژگاری ئەمرۆماندا لووتکەی ئەو گیانبازییەیە کەمێژووی بزاڤی ئازادیخوازی کوردان بەخۆیەوە بینیوە.

هەڤاڵ " ڤیان" وەك سەرکردەیەکی ژن و ژنێکی ئازادیخوازی گەلەکەمان هەر لەو ساتەی لەساڵی 1997 دا تەڤلی ریزەکانی " پ.ك. ك"بووە، لەمیانەی پەیوەستبوونی بەڕێبازی ئازادیخوازانەی "سەرۆك ئاپۆ" وە لەنێو سەرجەم گۆڕەپانەکانی تێکۆشاندا پەرەی بەهەست و ڕۆح و هزری شۆڕشگێڕانەی خۆی و هەڤاڵانی و گەلەکەی داوەو خۆی گەیاندە ئەو کەسێتییە ملیتانییە مێژووکردەی کە گوڕ بەتێکۆشانی ئازادیخوازانە بدات و لەساتی مێژوویی هەستیاردا دلێرانە بەرپەرچی سەرجەم ئەو هێرش و شاڵاوانەی دووژمنان بداتەوە کەدەخوازن هیواو ئیرادەو کەرامەتی کوردان تێکبشکێنن و ژێرپێی بخەن. هەڤاڵی تێکۆشەرمان " ڤیان جاف"وەك چۆن لەدوا ساتەکانی ژیانی خۆیدا نموونەیەکی گیانبازی مەزنی لەبەرامبەر سیاسەتی قڕکردن و گۆشەگیری و لەناوبردنی "ڕێبەر ئاپۆ" ئافراند، ئەوا لەتەواوی ژیانی شۆڕشگێڕانەشیدا بەکەسێتی دلنزمی و فیداکاری و هەڤاڵبەندی و یەکسانیخوازانەی خۆیەوە ببووە ئەو سەرکردەیەی کەژنانی ئازادیخواز و تەواوی گەلەکەمان لەباشووری کوردستاندا پێویستی پێی هەبوو. هەڤاڵ "ڤیان" وەك ئەندامێکی کاراو چالاکی دەستەی دامەزرێنەری "بزاڤی چارەسەری دیموکراتی"و "پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان" و "تەڤگەری ژنانی ئازادیخوازی کوردستان" ڕۆڵێکی مێژوویی لەدامەزراندنیاندا هەبووە. لەماوەی تێکۆشانی خۆیدا لەنێو بزاڤی چارەسەری و "پ.چ.د.ك"دا وەك ئەندامێکی دەستەی کارگێری و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی هەمیشە لەهەوڵی پاراستن و پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان بەگشتی و بزاڤی ئازادیخوازی ژنان و ڕێنماییە ڕێکخستنییەکان بەتایبەتی دابوو و بێپەروا لەپێناویدا تێدەکۆشی. پاشانیش وەك ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەری "کۆنگرەی گەل" و "یەکینەکانی ژنی ئازاد ـ یەژاستار"و " پ.ك.ك"ی نوێ لەبەرامبەر هەوڵە تەسلیمکاری و پاکتاوکارییەکانی نێو بزاڤی ئازادیخوازدا تێکۆشانێکی ئایدیۆلۆژی و پراکتیکی مەزنی پێشخست و لەکەسێتی خۆیدا ڕێبازی

ئازادیخوازو بەرخۆدانڤانی پاراست و لەدواجاریشدا بەگڕتێبەردان لەجەستەی پیرۆزی خۆی لەبەرامبەر سیاسەتە دڕندەییانەکەی ڕژێمی تورکیا کە لەبەرامبەر "سەرۆك ئاپۆ" لەزیندانی ئیمرالی و گەلی کوردستاندا پەیڕەوی دەکات، وەڵامێکی کردارییانەی ئەو سیستەمەی دووژمنانی دایەوە, سەلماندی کەئیدی هیچ هێزێك لەدونیادا ناتوانێ ئومێد و باوەڕی و ئیرادەی گەلی کوردستان تێکبشکێنێ و بێ کەرامەت و بێ ئازادیان بکات. هەروەك شەهیدی نەمر لەیەکێك لەدوا نامەکانی خۆیدا دەڵێت: **"ئەم چالاکییەی کەمنیش ئەنجامی دەدەم لەپێناو** بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی فڕکردنی گەلی کوردو گۆشەگیرکردنی سەرۆك ئاپۆیە. لەپێناو ئازادی گەلەکەم و ئازادی ژنانی کورددا لەدەست **زوڵم و زۆری و چەوسانەوە لەگیانم شیرینتر شتێ هەبووایە دەمدا، بەڵام لەم قۆناخەدا کەگەلی کورد بەرەو سەرکەوتن دەچێ و** لەهەرجێیەك لەسەر پێیەو ماندەگرێ و ڕێپیوان دەکات, بۆ کچێکی وەکو منیش گیانی خۆبەختکردنیش بەکەم دەزانم و منیش وەك زۆر **لەهەڤاڵانی دی خۆم بەقەرزاری گەل و ژنانی ئازارچەشتوو دەزانم".**

بۆیە ئەو چالاکییە گیانبازییەی هەڤاڵی سەرکردەمان "ڤیان جاف" وەك چۆن بەرپەرچێکی کردارییانە بوو ئەوا بەهەمان رادەش چالاکی و هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژی مەزنە و خاوەندارکردنێکی پڕ بەجورئەتی ڕێبازی شارستانی دیموکراتی و ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژنەو خۆکردنە بەپەرژینێکی ئاگرین لەدەوری سەرجەم ئەو بەهایانەی بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کوردستان ئافراندوویەتی. ئیدی هەڤاڵ "ڤیان" وەك ئاشقێکی مەزنی ئازادی ژن و گەلی کوردستان و مرۆڤایەتی ژیاو هەر بەهەمان ئەشقیشەوە گیانی خۆشی بەختکرد.

لەسەر ئەم بنەمایە, ئێمە وەك "پ. چ. د. ك" وێڕای دەربڕینی سەرەخۆشی و سەرساخی خۆمان بۆ گەلی کوردستان و کەسوکاری "سەرۆك ئاپۆ"و هەڤاڵ و هاوڕێبازانی هەڤاڵی سەرکردەمان "ڤیان جاف"دەردەبڕین، ئەوا هاوشانی هەڤاڵی سەرکردەو نەمر (د. سیروان) وەك ئەندامی هەمیشەیی و شانازی سەرکردایەتی "پ. چ.د .ك" پەیوەستی پەیمان و ڕێبازی ئازادیخوازانەی هەردوو سەرکردەو سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی دەبین و لەسەر ڕێبازە پیرۆزەکەیان بەردەوام دەبین و بۆ ئێمە دەبنە سیمبۆلی بەرخۆدان و قارەمانێتی و فیداکاری لەتێکۆشانمان بۆ ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی.

- **نەمری و سەرفرازی بۆ گیانی بێگەردی سەرجەم شەهیدانی ڕێبازی ئازادیخوازی گەلی کوردستان.**
- **نەمری بۆ گیانی پیرۆزی هەڤاڵی تێکۆشەرمان "ڤیان جاف".**
- **نەفرەت و ریسوایی بۆ خیانەتکاری و ستەم و زوڵمی سەرجەم دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان.**
- **مەکتەبی سیاسی/ پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان**

**2006 /2/4**